Dengekan

# هەیئەی زانایانی ئیسلامی سونە چیتان لە کورد دەوێت

بەختیار جاف
bextyarjaf@yahoo.com

وەك ئاشكرایە لە مێژووی دوور و درێژی دەسەڵاتە یەك لەدوای یەكەكانی عیراق لە هەموو كات و ساتەكان كورد بێ دوژمن نەبووە و هەمیشە لەلایەن دوژمنانیشیەوە رێگری و لەمپەری زۆری بۆ دروست كراوە و هەوڵدراوە ببنە تاسبی و سیاسەتی رەشكردنەوەی لە بەرامبەریدا جێبەجێ بكەن، لێ خۆشبەختانە چونكە داوا و داخوازیەكانی ئەم نەتەوە بەش مەینەتە هەردەم حەق و رەوا بووە و جگە لە مافی ئاسایی خۆی پێی لەسەر مافی هیچ نەتەوەیەكی تر دانەناوە, هەمیشە خەونە گلاوەكانی دوژمانانی لە گڵ ناون, سەدامی دیكتاتۆری گۆڕ بە گۆڕ و حزبی بەعسی رووخاو شاهیدێكی زیندووی حاشاهەڵنەگری ئەم واقیعەن، وەك ئاشكراشە دوای ئەوەی كە دوژمنە یەك لەدوای یەكەكانی نەتەوەی كورد لە مێژووی دوور و درێژی رابردوودا, هیچ نەما بە كورد نەیكەن، كەچی لە ئاكام و دواییدا هەمیشە كورد سەركەوتوو بووە, بۆیە ئەمرۆكەش بەچە بەعسیە لەرزۆك و دۆڕاوەكانی سەردەمی تاریكی و تیرۆرستیەكانی جەهالەت دەیانەوێت بە هەمان ئەقڵیەتی بیركردنەوەی جارانیان لە بەرامبەر خواست و داوای رەوای نەتەوەیەك بوەستن كە ئیرادەی لەبن نەهاتووی بەوانەوە لەنگ نابێت, كاتێكیش ئەوان ئەزمونێك دەبینین كە بۆ كورد رەخساوە و سەركردایەتیە حەكیمانەكەشی بەرێوە دەبات و ئەمەی كردۆتە واقیعێك كە دیموكراسیترین دەسەڵاتە لە ناو چەكە و بەڵگەكەوە سەلمێنراوە كە كورد نەك شایەنی فیدراڵیەتە بگرە وڵاتی سەربەخۆی خۆشیەتی، بێ شك هەموو لایەك بە خەتەرێكی گەورەی دەزانێت لەسەر خۆی و هەوڵی جدیش دەدات بۆ سەرنەخستنی هەنگاوەكانی, وەك بەیاننامەكەی هەیئەی بەناو عولەمائی موسلمین داوای دەكات, ئەوان پێیان وایە دەركردنی یاسای نەوت و هێنان و دانانی كۆمپانیای جیهانی و دروست كردنی پەیوەندیەكی توندوتۆڵ لەگەڵیان و ئاسایشی و ئارامی ئەو هەرێمەش زەنگێكی خەتەرناكە, بۆیە بەرهەڵستی دەكەن، بەڵام دەبێت ئەوان بگەن بەو راستیە حاشاهەڵنەگرەی كە بیركردنەوەیان بەو عەقڵیەتە رزیوە نایانگەیێنێتە هیچ ئاكامێك و ئەوەشیان لا روون بێت بۆیان نییە هیچ تەداخولێك لە كاروباری هەرێمێكدا بكەن كە خۆیان خاوەنی پەرلەمان و حكومەتی خۆیانن، بۆ هەر هەنگاوێكیشی بەپێی دەستووری هەمیشەی مەركەز هەڵسوكەوتی كردووە, با لەجیاتی ئەوەی ئەمرۆش دەیكەن و هاواریان بۆی هەڵساوە چیدیكە هاوكاری تیرۆر و تیرۆرستان نەكەن, با هەوڵی لێك نزیك كردنەوەی سونە و شیعە بدەن و ئەو كارەساتە تایفەی ئەمرۆ بەرۆكی عێراقی فاشیلی گرتۆتەوە كە هەمووی بە فیتی ئەوانە و بە داخوازی خۆیانە چارەسەری بكەن, با وەك هەیئەیەك رۆڵی باڵایان هەبێت لە جوانكردنەوەی وێنەی ئیسلامی كە خۆیان دەستێكی باڵایان هەیە لە ناشرین كردنی و دەرخستنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە بەرچاوی دونیا وەك ئاینێكی توندرەو و تیرۆرست, با ئەوان كار لەسەر لێك نزیك كردنەوەی ئایین و ئایینزاكانی ئەم وڵاتە كاولە بكەن كە خودی ئەوان هۆكاری سەرەكین لە بەرپاكردنی دووبەرەكی، نەوەك ببنە رێگر لەبەردەم خواست و داوای رەوای نەتەوەیەك كە ئەمرۆ بە كوێراییان, لەسایەی سیاسەتی حەكیمانەی سەركردایەتیەكەی گەیووە بە بەشی زۆری مافەكانی و یاسای نەوت و كاركردن بۆ جێبەجێ كردنیشی ئامانجێكی دیكەی لەمێژینەی خەباتی نەپساوە و بەردەوامیەتی، بۆیە هەیئەی زانایانی ئیسلامی و كاڵفامە داكۆكی كارەكانی تیرۆرستان شەكرتان شكاند, ئەوەی ئەمرۆ ئێوە بیری لێدەكەنەوە و هەوڵی بۆ دەدەن دەمێكە باڵاتر لە ئێوە هەوڵی بۆ داوە و فەرتەنەی لەسەر ناوەتەوە، بەڵام بە لوت شكاوی گەراوەتەوە دواوە, تازە بە ئێوە بریاری گەل و نەتەوەیەك هەڵناوەشێتەوە و ئیرادەی لەرزۆكی ئێوەش ناتوانێت چ كاریگەریەكی هەبێت، تا زووە بەیاننامەكەتان بخەنەوە گیرفانتان و لەجیاتی ئەوە دوعا بۆ ئەم عێراقە پرا و پر لە تیرۆرە بكەن، بەڵكو ئەمە خوایە بەدەنگتانەوە بێت و خەڵكەكەی لەم چەرمەسەریە رزگاری بێت.